Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆڵی سەربار لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردی و فارسیدا

همزه حسێن حمه[1] - ڕابەر کەکەڕەش سەیدمینە[2]

[1+2] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە پوختەیەکە دەربارەی شیکردنەوە و خستنەڕوی دروستەی ڕستە بە گشتی و ڕۆڵی سەربار وەکو کەرەستەیەکی ناسەرەکی لە دروستەی ڕستەی هەردو زمانی کوردی و فارسیدا، توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم چەند تەوەرەیەک لەخۆدەگرێت بەجۆرێک کە لە تەوەرەی یەکەمدا چەمک و پێناسەی ڕستە خراوەتەڕو، لە تەوەرەی دوەمدا بە پوختی باسی ناساندن و خستنەڕوی ئەرکی سینتاکسی و جۆرە جیاجیاکانی کەرەستەکانی دروستەی ڕستە کراوە، لە تەوەرەی دواتردا شێواز و جۆرەکانی ڕیزبونی کەرەستەی ڕستەمان بەپێی فۆرمەکانی دروستەی ڕستەی کوردی ڕونکردۆتەوە، دواتر بە پوختی ئاستەکانی ڕستەسازی لەڕوی دارشتنەوە (پێوەندییەکانی دروستەی ڕستە) ڕونکراوەتەوە. لە کۆتا تەوەرەی بەشی یەکەمدا شێواز و شێوە جیاجیاکانی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە خراوەتەڕو.

لەبەشی دوەمدا باسی دروستەی ڕستەی زمانی کوردی و فارسیمان کردوە، هەروەها قاڵبەکانی ڕستەی هەردو زمان بەپێی ستاندارد و تیۆرە زمانییەکان نیشاندراوە و ڕونکراوەتەوە. دواتر باس لە دروستەی ڕستە لەڕوانگەی جێکەوتەی سینتاکسییەوە کراوە.

لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا بەراوردی نێوان دروستەی ڕستە لە هەردو زماندا کراوە، نمونەی پێویست و دیاریکراویان بۆ هێنراوەتەوە، هەروەها باسی ڕۆڵی سینتاکسیی کەرەستەکانی دروستەی ڕستەی هەردو زمان کراوە، لە دوا تەوەرەدا باسی ڕۆڵی جۆراو جۆری کەرەستە ناسەرەکیەکان (سەربارەکان) کراوە، توێژینەوەکە بە خاڵە گرنگەکانی ئەنجام کۆتایی هاتوە.

**کلیلە وشەکان:** زمانی کوردی، زمانی فارسی، سەربار، دروستەی ڕستە، جێکەوتە، کاتیگۆری.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

**Received:** 17-April-2022

**Accepted:** 06-June-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

Hamza.hussein@uor.edu.krd

rabar.kakarash@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕۆڵی سەربار لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردی و فارسیدا)، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بەمەبەستی خستنەڕوی لایەنە هاوبەش و جیاجیاکانی شێوە و فۆرمی ڕیزکردنی کەرەستەی ڕستە بەگشتی و دیاریکردنی ڕۆڵی کەرەستە سەربارەکان بەتایبەتی لە دروستەی ڕستەی هەردو زمانی کوردی و فارسیدا. هەروەها گەنجینەیەکی فراوان لە نمونەکانی ڕستەی هەردو زمانەکەدا بەدیدەکرێت، ئاشکرایە کە دەکرێت لەڕێی توێژینەوەی لەمجۆرەی بابەتە ڕێزمانیەکان بەتایبەتیش دروستەی ڕستە ئاشکرابکرێت و ڕونبکرێتەوە، هەروەها شێواز و شێوەی ڕێزمانیی کەرەستەکانیش زیاتر ڕون بکرێتەوە و دەربخرێت. بەشێوەیەکی زۆر پوخت هەوڵی خستنەڕو و دەستنیشانکردنی ئەرکی سینتاکسیی کەرەستەکان بەپێی جێکەوتەی سینتاکسییان، بە پەیڕەوکردنی یاسا سینتاکسیەکانی هەردو زمانەکە دراوە، هەروەها ڕونکردنەوەی لایەنی هاوبەش و جیاوازی شێوازی بەکارهێنان و خستنەڕوی کەرەستە سەربارەکان لە هەردو زمانەکەدا بەپێی شێوە بنەڕەتیەکانی ڕیزکردنی کەرەستە لە ڕستەدا بۆ داڕشتنی ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتایی، کە گونجاو بێت بەپێی بەکارهێنان و شێوازی دەربڕین لە هەردو زمانەکەدا. لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە لە دوتوێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا لەنێوان هەردو زمانی کوردی و فارسیدا، هەروەها نمونەی ڕستەکانیش لە شێوەی ستانداردی هەردو زمانەکە وەرگیراون.

## بەشی یەکەم

### ١-١. چەمک و پێناسەی ڕستە:

ئاشکرایە ڕێزماننوسان لە هەردو ڕێزمانی دێرین و تازەدا بەشێوەی جیاجیا ڕستەیان ناساندوە، لەڕوی ڕۆنانەوە ڕستەیان بۆ چەند جۆرێک دابەشکردوە، بۆیە قاڵب و دروستەی داڕشتنی هەر جۆرێکی ڕستە بەپێی ژینگەی ئاخاوتن و بەکارهێنانی جیاوازە، بەگشتی ڕستە لە ڕێزمانی دێریندا وا ناسێنراوە و باسکراوە کە کۆمەڵە وشەیەکە بەسەریەکەوە بەکاردێت و واتای تەواو دەبەخشێت و لەکۆتاییشدا بەپێی جۆری ڕستەکە نیشانەیەک یان خاڵێک دادەنرێت. (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ٣٧).

لە لایەکی ترەوە شێوازی ناساندنی ڕستە لە ڕێزمانی تازەدا بەپێی بیر و ڕای ڕێزماننوسان و توێژەران جیاوازە و دەگۆڕێت، بەجۆرێک کە دەوترێت ڕستە (گەورەترین دانەی ڕێزمانیی زمانە کە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێکوپێک بێت) (محمد عمر عەول، ٢٠٠٨، ٦٤).

بەشێک لەڕێزماننوسانی تر لە دەروازەی فرێزەوە ڕستە دەناسێنن و دەڵێن سەرتاپای ڕستە (بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری) (Chomsky, 1998,108)، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە دابەشبونی دروستەی ڕستەدا بۆ بەشە پێکهێنە بنەڕەتیەکانی لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت لەڕوی ئەرکی سینتاکسیی کەرتە پێکهێنەکانیەوە ئەوانیش (فرێزی ناوی و فرێزی کاری) دەگرێتەوە. واتە دروستەی ڕستەی سادە بەگشتی بۆ دو جۆر کاتیگۆری ئەرکی سینتاکسی دابەش دەکرێت کە ئەوانیش بەشی بکەر و بەشی کردارن (Subject and predicate)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

(محمد عومەر عەول، ٢٠٠٨، ٢٥) سەربارى ئەمانەش دەتوانرێت بوترێت کە درەختی دروستەی فرێز لە ناساندن و نیشاندانی شێوازی داڕشتنی کاتیگۆریە جیاوازەکانی بەشەکانی ڕستەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ڕونکردنەوە و خستنەڕوی هەمو ئەو زانیارییە زمانیانەی کە بەپێی داڕشتە و بەشەکانی جێکەوتەی ڕستەکە کە قسەکەر لەبارەی دروستەی ڕستەی زمانەکەی خۆیەوە دەیخاتەڕو (dehkhoda.ut.ac.ir)، هەروەها دەتوانرێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە ڕستە گەورەترین دانەی ئاستی ڕستەسازییە، بەڵام فرێز پێکهێن و دانەیەکی ناوەندیی زمانە لە نێوان وشە و ڕستەدا، چونکە ئاستی ڕستەسازی بە وشە دەست پێدەکات و پێکهاتەی ڕستە بە فرێزدا دەڕوات دواتریش دروستەی ڕستە دروست دەبێت.

واتە ئەو بابەتە ئاشکرایە، کە وشە بنەما و بناغەی دروستەی ڕستەیەو هەڵبژاردنی کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستەش بەپێی قاڵب و جێکەوتەی جیاوازی ڕێزمانیی زمانەکە دەبێت کە دواتر بۆ هەر کاتیگۆرییەکی زمانی و ڕستەسازی ئەرکی سینتاکسی جیاواز بەپێی جۆری کەرەستەکە لەڕستەدا بۆ (کەرەستە سەرەکی و سەربارەکان) دیاری دەکرێت. واتە فرێز وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەکە بەسەریەکەوە لە سەرە و پێوەند پێکدێت و وەک یەک پارچە بەکاردێت و بیری تەواو بەدەستەوە نادات، بەڵام ڕستە گەورەترین دانەی زمانە کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکە.) (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٢، ١٤).

کەواتە ڕستە وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەکی ڕیزکراوە کە ڕۆنانێکی ڕێکخراوی هەیەو بەپێی سیستەمێکی ڕێزمانی دیاریکراو لەڕوی ڕێزمانی و واتاییەوە گونجاوە.

## ١-٢. کەرەستەکانی ڕستە:

بەگشتی کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستە لە هەر زمانێکدا بەپێی ئەرکی سینتاکسییان لە جێکەوتە و کاتیگۆری ڕێزمانیدا دیاری دەکرێن و بەپێی قاڵبە ڕێزمانیەکانی زمانەکەش ڕیزدەکرێن و دەخرێنەڕو.

کەواتە جێکەوتەی ڕستە لە زماندا ڕۆنانبەندە، داڕشتەی دیاریکراوی هەیە لە هەر زمانێکدا بەپێی ئەرکی سینتاکسی و کەرەستە پێکهێنەکانی لە کۆمەڵێک پێکهاتە و کەرەستەی جیاواز پێکدێت، هەریەک لەم کەرەستانەش ئەرک و جێکەوتەی دیاریکراوی ڕێزمانیی خۆی دەبێت، ئەم کەرەستانەش وەکو یەک گرنگ نین و خاوەن ئەرک و پلەی ڕێزمانی دیاریکراو و جیاوازن، بۆیە لە داڕشتنی ڕستەدا هەندێ لە کەرەستەکان کەرەستەی سەرەکی و زۆر پێویستی ڕستەن وەکو (بکەر، بەرکار، تەواوکەر و کار)، بەڵام هەندێکی تریان کەرەستەی ناسەرەکی ڕستەن وەکو (کەرەستە سەربار و دیارخەرەکان).

ڕێزماننوسان بۆ ڕونکردنەوەی پێکهاتەی ڕستە و کەرەستە پێکهێنەکانی شێوە و ڕێگەی جیاوازیان بەکارهێناوە لەوانە: (هێڵکاری درەختی، کەوانە ناونراوەکان، و داڕشتنەوەی یاساکان) (سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، ٢١).

سەرەڕای ئەمەش بەپێی تیۆرە زمانییەکانی چۆمسکی دروستەی ڕستە زیاتر بەهۆی هێڵکارییەوە نیشاندراوە، هەروەها بەپێی ڕێبازە جیاجیاکانی تیۆرەکانی چۆمسکی لە کاتی ڕونکردنەوەی ڕستەیەک بەپێی ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە جۆرە هێڵکارییەک پێویستە، بەڵام بەپێی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە هێڵکاری ڕستەکە دەگۆڕێت. کەواتە بەپێی کاتیگۆری ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکانی ڕستە دەکرێن بە دو بەش:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

کەرەستە سەرەکیەکان: ئەو کەرەستانەن کە بونیان لەڕستەدا پێویستە و ناکرێت لە ڕستەدا لاببرێن، ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوەش دەرنەکەون، لەڕۆنانی ژێرەوەدا بونیان هەیە، کەرەستە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا لەم سێ حاڵەتەی خوارەوەدا دەبینرێن:

أ. لە کاری تێپەردا: بکەر + بەرکاری راستەوخۆ + کاری تێپەڕ، وەکو: نەوزاد وانەکەی خوێند.

ب. لە کاری تێنەپەردا: بکەر + کاری تێنەپەڕ، وەکو: ئازاد ڕۆیشت.

ت. نیهاد + گوزارە "تەواوکەر + کار"، وەکو: شاخەکە جوانە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٣، ٤١).

لەلایەکی ترەوە لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا کار پێشەنگ و سەرەی ڕستەیە، بۆیە شێواز و جۆری ڕیزبونی کەرەستە پێکهێنەکانی دروستەی ڕستەش بەپێی جۆری کارەکە دیاری دەکرێت. (لیژنەی دەستوری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ٤٥). کەواتە کار سەرەکیترین کەرەستەی ڕستەیە، هەروەها ڕستەی گشت زمانێک ئەو سێ کەرەستە بنجی (سەرەکی)یەی تێدایە بۆ دارشتنی قاڵبی ڕستەی زمانەکە بەپێی کەرەستە سەرەکیەکانی، ئەوانیش (بکەر ، بەرکار ، کار)ن.

سەرەرای ئەمانەش دەربارەی شێواز و جۆری داڕشتەی کار لە دروستەی ڕستەدا، کە کاری ڕستە ژمارە و جۆری ئەو ناوانەی کە لە دروستەی ڕستەدا لەگەڵیدا بەکاردێت ڕیز دەکات و دیاریدەکات. وەکو کاری تێپەڕی (خوارد) کە لە چاوگی (خواردن) وەرگیراوە، لە دروستەی ڕستەدا لانی کەم پێویستە (بکەر و بەرکاری) پەپێی دروستەی کارەکە لەگەڵدابێت، هەروەها دەتوانرێت لە کاتی فراوانکردنی ڕستەکە هەندێ لە دەرخەر و سەربارەکانی لەگەڵ بەکاربێت. بۆنمونە:

أ. پشیلەکە ماستەکەی خوارد.

ب. پشیلەکە دوێنێ شەو لەماڵەوە ماستی کابانەکەی خوارد.

کەواتە هەروەکو لە ڕستەکانی (أ، ب)دا دیارە لە ڕستەی (أ)دا تەنیا کەرەستە سەرەکیەکانی (پشیلەکە) وەکو بکەر، (ماست) وەکو (بەرکار)، و (خوارد)یش وەکو کار و سەرەی ڕستەکە دەرکەوتون، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا کەرەستە ناسەرەکیەکانی (دوێنێ، شەو) وەکو ئاوەڵکار و سەربار، (لەماڵەوە) وەکو بەرکاری ناڕاستەوخۆ و سەربار، هەروەها (کابانەکە) وەکو دەرخەر و سەرباری ڕستەکە دەرکەوتون.

ئاشکرایە (بکەر)یش وەکو کەرەستەیەکی دروستەی ڕستە لەڕستەی کاری تەواوی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دەردەکەوێت و کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەیە، کەسێک یان شتێکە کە بە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک هەڵدەستێت (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٢، ٧٤)، دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، وەکو:

<u>شازاد</u> ڕۆیشت.

<u>بەرهەم</u> نامەکەی نوسی.

هەروەها (بەرکاری ڕاستەوخۆ) کەرەستەیەکی سەرەکی تری دروستەی ڕستەیە لە دروستەی ڕستەی کاری تەواوی تێپەڕدا دەردەکەوێت، بەو وشە یان فرێزە دەوترێت کە لە ڕستەدا ڕاستەوخۆ هێزی کارەکەی دەکەوێتە سەر (محمد عمر عەول، ٢٠٠٨: ٣٤)، هەروەها هەمیشە لەگەڵ کاری تێپەڕ دێت. بۆنمونە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

ئێمە كتێبەكەمان خوێندەوە.

لەلایەكی ترەوە دەتوانرێت بوترێت كە (تەواوكەر) وەكو كەرەستەیەكی تری دروستەی ڕستە لە دروستەی ڕستەی كاری تەواو و ناتەواودا وەكو كەرەستەیەكی سەرەكی و پێویستی ڕستە دەردەكەوێت. بەو كەرەستانە دەوترێت كە لەگەڵ كاردا دێن، ڕستەكە دەكەنە ڕستەیەكی ڕێزمانی و واتایەكی تەواوی پێدەبەخشن (Amin,1976,14)، بۆیە هەندێ كار بەپێی پێویستی واتای ڕستەكە تەواوكەریان پێویستە، چونكە كەرەستەیەكی سەرەكی ڕستەیە و ناكرێت لاببرێت، جگە لەمەش لە زمانی كوردیدا كار خۆی تەواوكەرەكەی بەپێی دروستەی ڕستەكە هەڵدەبژێرێت (Fattah,1977,239)، وەكو:

ئازاد بە دارەكەدا هەڵگەڕا.

ئەحمەد لەماڵەوە بو.

**٢. كەرەستە لاوەكییەكان:** ئەو كەرەستانە دەگرێتەوە كە بۆ مەبەستی فراوانكردنی ڕستە بەكاردەهێنرێن، لەبەرئەوە لە زۆر باردا لە ڕستەدا دەكرێ لاببرێن، بەبێ ئەوەی لابردنیان كار لە لایەنی ڕێزمانی و واتای سەرەكی ڕستەكە بكات. بۆنمونە:

كەوت.

ئەو كەوت.

ئەو لە ماڵەوە كەوت.

ئەو دوێنێ بەیانی لەماڵەوە كەوت.

ئەو دوێنێ بەیانی لەگەڵ براكەی لە ماڵەوە كەوت.

ئەو دوێنێ بەیانی كاتژمێر نۆ لەگەڵ براكەی لە ماڵەوە كەوت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا جگە لە كەرەستە سەرەكییەكانی "بكەر و كرداری تێنەپەڕ، واتە "ئەو، كەوت" سەرجەم كەرەستەكانی تر لاوەكین و دەتوانرێ لاببرێن، چونكە تەنیا بەمەبەستی فراوانكردنی ڕستەكە بەكارهێنراون.

كەواتە كەرەستە (ناسەرەكیەكان) سەربارەكان وەكو سەرەكیەكان لەڕستەدا بەكاردێن بەمەبەستی فراوانكردنی دروستەی ڕستە، جگە لەمەش سەربار كەرەستەیەكی ئارەزوومەندانەی ڕستەیەو دەكرێت لە ڕستەدا لاببرێت بەبێ ئەوەی كار لە لایەنی ڕێزمانی و واتایی دروستەی ڕستەكە بكات، هەروەها قسەكەر بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری زیاتر لە بۆتەی ڕستەدا پەنا بۆ بەكارهێنانی سەربارەكان دەبات. بۆیە دەتوانرێت بەمشێوەیەی خوارەوە لە دروستەی ڕستەدا بخرێنەڕو:

١. ئاوەڵكارەكان دەتوانرێت بە سەربار دابنرێن، بۆنمونە:

ئەمڕۆ هیوا لە كتێخانە بو.

**دیاریكار تەواوكەر**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

بەڵام لە هەمو کاتێکدا ئاوەڵکارەکان نابنە سەربار، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەکو:

ئەمرۆ پشویە.

نیهاد گوزارە

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین، دەبینین ڕستەکە لە (نیهاد ، گوزارە) پێکهاتوە، هیچ کەرەستەیەکی سەربار بونی نییە.

**٢. دیارخەر:** چەند کەرەستەیەکن یارمەتی فراوانکردنی دروستەی ڕستە دەدەن وەکو کەرەستەیەکی سەربار، دەرکەوتنیشیان تەنیا بۆ زیاتر زانیاری گەیاندن و ڕونکردنەوەی واتای ڕستەیە، دیارخەرەکان بەشێوەیەکی چالاک لە دوای فرێزی ناوی بەیاریدەی ئامرازی خستنەسەری (ی، ە) لەگەڵ فرێزەکە لە ڕستەدا لێکدەدرێن، هەروەها بەشە ئاخاوتنەکانی وەکو (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، چاوگ ... هتد) ڕۆڵی دیارخەر دەبینن و زیاتر ڕۆڵی فراوانکردنی ڕستەکە دەبینن و زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەکە دەخەنەڕو. وەکو:

خوشکی بەهرە لە خوێندنگەی سروشت دەخوێنێت.

دیارخەر دیارخەر

ئەوان تۆپە گەورەکەیان ونکرد.

دیارخەر

**٣. بەرکاری ناڕاستەوخۆ:** هەر لە دوتوێی کەرەستە ناسەرەکیەکان، ئاوەڵگوزارەکان بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە، ئەم کەرەستانە بە سەربەستی شوێنی خۆیان لە دروستەی ڕستەدا دەگۆڕن، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانییەتی و واتای ڕستەکە بکەن. (عومەر مەحمود کەریم، ٢٠٠٤، ٣١). بۆنمونە:

منداڵەکە دەرمانەکەی لە ماڵەوە بە کەوچک خوارد.

هەرێم بە ئۆتۆمبێل دەڕوات.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا بەرکارە ناڕاستەوخۆکان دەبن بە سەربار، بەڵام لەم ڕستەیەی خوارەوەدا، ئەندازیار بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بەڵام نابێت بە سەربار.

ئاوات دەبێت بە ئەندازیار.

سەرەڕای ئەمانەش لەکاتی ڕیزبونی ئاوەڵگوزارەکان لە دروستەی ڕستەدا هەندێجار بە گواستنەوەی ئاوەڵگوزارەکە بۆ کۆتایی ڕستە دروستەی ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێت: وەکو:

ئازاد نمرەی زۆری هێناوە.

ئازاد نمرەی هێناوە زۆری*.

یاخود: میوانەکان دوێنێ هاتن.

میوانەکان هاتن دوێنێ*.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

لەگەڵ ئەوەشدا بەگواستنەوەی هەندێ ئاوەڵگوزارە لە شێوە یا ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا کار لە ڕێزمانییەتی ڕستەکە ناکات و دروستەی ڕستەکە لە ڕوی ڕێزمانی و واتاییەوە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، وەکو:

شیبا بۆ قوتابخانە چو.

شیبا چو بۆ قوتابخانە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەبینین (ئاوەڵگوزارە) یان کەرەستەی (بۆ قوتابخانە) وەکو کەرەستەیەکی سەربار و ناسەرەکی لە دروستەی ڕستەکەدا لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا دەرکەوتوە و بە گۆڕینی شوێنی ڕیزبونی بۆ کۆتایی ڕستەکە کاری لەلایەنی ڕێزمانیی و واتایی ڕستەکە نەکردوە و تەنیا بەمەبەستی فراوانکردنی دروستەی ڕستەکان هاتوە.

## ١- ٣. ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە:

زمانەوانان بەشێوەیەکی گشتی شێوازی جۆرەکانی ڕیزبونی کەرەستە پێکهێنەکانی دروستەی ڕستەیان بۆ دو جۆری سەرەکی دیاریکردوە، ئەوانیش:

**أ. ڕیزبونی چەسپاو:** لەمجۆرە ڕیزبونەی دروستەی ڕستەدا ناتوانرێت کەرەستەکانی ڕستە بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی خۆیان بجولێنرێن و ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت، بەڵکو سەرجەمی کەرەستەکانی ڕستە جێکەوتەی چەسپاویان هەیە، بەجۆرێکی تر دەتوانرێ بوترێ کە (هەرجۆرە گۆڕانێک لە سنوری کەرەستە یاخود فرێزەکانی ڕستەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی سینتاکسی و شێوەی لێکدانەوەی واتای ڕستەکە) (محمد علی الخولی، ١٩٩٣، ٦٧). وەکو:

ڕێویەکە مریشکەکەی خوارد.

مریشکەکە ڕێویەکەی خوارد.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیارە کە جیا لەوەی ئەرکی سینتاکسی (ڕێوی و مریشک) واتە (بکەر و بەرکار) گۆڕاوە و بەپێی جێکەوتەی کاتیگۆرییەکان ئەرکەکانیان ئاڵوگۆڕکراون، هەروەها دروستەی ڕستەی دوەم لەڕوی واتاوە نادروستە، کەواتە زمانی کوردی ڕێی ئەمجۆرە ڕیزبونە نادات.

**ب. ڕیزبونی ئازاد:** ئەم ڕیزبونە پێچەوانەی ڕیزبونی چەسپاوە، چونکە دەتوانرێت جێگۆڕکێ بە کەرەستەکانی ڕستە بکرێت بەبێ ئەوەی کار لە واتا و ئەرکی ڕێزمانیی ڕستەکان بکات. واتە هەر گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی شوێنی کەرەستەکان نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکانی ڕستە. (هەمان سەرچاوە، ٦٨). وەکو:

ئەندازیارەکە ئەم تەلارەی دروستکردوە.

ئەم تەلارە ئەندازیارەکە دروستی کردوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

### ١- ٤. ئاستەکانی ڕستەسازی لەڕوی دارِشتنەوە: (پەیوەندیەکانی ڕستە):

سۆسێر ئەو پەیوەندیە ڕێزمانیەی کە لەنێوان کەرەستە سەرەکیەکانی ڕستەدا هەیە، بە پەیوەندی سینتاگماتیکی (ئاسۆیی) ناوبردوە، پێیوایە کە زمان سیستەمێکی هێماییەو دو جۆر پێوەندی لەنێوان هێماکاندا هەیە، ئەوانیش:

**أ. پەیوەندی پارادیگماتیکی (ستونی):** ئەم پەیوەندیە، پەیوەندی مۆرفۆلۆجی نێوان وشەکانە، هەروەها گۆڕینی وشەیەکە بە وشەیەکی تر لە هەمان ژینگەدا (ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٣٥) ئەمجۆرە پەیوەندییە بەجۆرێک لە کەرەستەکانی ڕستەدا دروست دەبێت، کە هێمایەک لە ڕستەدا ئامادەیە و ئەوانی تر ئامادەنین، کاتێک هەڵە لەمجۆرە پەیوەندیەدا ڕودەدات، هەڵەی واتاییە، بۆیە دەتوانین بەپێی ئەم پەیوەندیەی نێوان هێماکان بەشەکانی ئاخاوتن بناسینەوە، جۆرەکانی کار لە زمانی کوردیدا لەڕوی هێزەوە واتە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لێک جیابکەینەوە. بۆنمونە:

هاوڕێ ئەمڕۆ هۆنراوەیەکی جوانی دەنوسی.

ناو + ئاوەڵکار + ناو + ئاوەڵناو + کار

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دیارە کە (بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و کار) لە دوتوێی ئەرکە سینتاکسیەکانی (بکەر، ئاوەڵگوزارە، بەرکاری ڕاستەوخۆ، دەرخەر و کار) واتە لە سێ کەرەستەی سەرەکی و دو کەرەستەی سەربار پێکهاتوە.

**ب. پەیوەندی سینتاگماتیکی (ئاسۆیی):** ئەمجۆرە پەیوەندیە پەیوەندی سینتاکسی نێوان کەرەستەکانی ڕستەو چۆنیەتی دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتری دەگرێتەوە، بەجۆرێکی تر دەتوانرێت بوترێت کە ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەیە کە بەهۆی دراوسێیەتی یان تەکنشینی نێوان کەرەستەکانی ڕستە دروست دەبێت، جگە لەمانەش کە هەر هەڵەیەک لە پەیوەندی ئاسۆیی نێوان هێماکان ڕوبدات، ڕستەی نارێزمانیی دروست دەبێت (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٨، ٢٧٩).

ڕێزماننوسان لەسەر بنچینەی پەیوەندی ئاسۆیی نێوان کەرەستەکانی ڕستە، واتە شێوازی ڕیزبونی نێوان (بکەر، بەرکار، کار) شێواز و جۆرە جیاجیاکانی زمانیان دەستنیشانکردوە، هەر ئەمەش هاوکاری کردون بۆ دیاریکردنی قاڵبە بنەڕەتیەکانی کاتیگۆریە جیاجیاکانی هەردو جۆری کەرەستەی (سەرەکی و ناسەرەکی) دروستەی ڕستەکان.

### ١– ٥. شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە:

ئاشکرایە بەپێی جۆرەکانی کەرەستەی ڕستە وەرگرتنی ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکان لەڕستەدا دەتوانرێت کەرەستە سەرەکی و سەربارەکان بەپێی قاڵبە جیاجیاکانی دروستەی ڕستە بەپێی جۆری کەرەستەکان ڕیز بکرێن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

**١. کەرەستە سەرەکییەکان:** کەرەستەکانی (بکەر، بەرکار، تەوکەر، و کار) دەگرێتەوە، جێگەی ئەم کەرەستانەش لە ڕستەدا جێگیرە، هەر چەشنە ئاڵوگۆڕ و پاش و پێش کردنێک لە جێکەوتەی ئەم کەرەستانە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکان و واتای ڕستەکەش دەگۆڕێت. بۆنمونە:

براکەم دوکانەکە دەکرێت.

بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کار

دوکانەکە براکەم دەکرێت*.

بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کار

**٢. کەرەستە ناسەرەکییەکان:** ئەو کەرەستانە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە شوێن و جێکەوتەی خۆیان لە دروستەی ڕستەدا دەگۆڕن، وەکو:

أ. ئەمڕۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردە هاتن.

ب. سەرپەرشتیارانی پەروەردە ئەمڕۆ هاتن.

هەروەکو لەم دو ڕستەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە بە گۆڕانی شوێن و جێکەوتەی ئاوەڵگوزارەی کاتی (ئەمڕۆ) هیچ جۆرە گۆڕانێک لە ئەرکی ڕێزمانیی کەرەستەکانی ڕستە و لایەنی واتایی کەرەستەکانی دروستەی ڕستەدا ڕوی نەداوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئاوەڵگوزارەی (ئەمڕۆ) لەڕستەی (أ) ئەرکی سینتاکسیی (دیاریکار)ی وەرگرتوە، واتە هەر کەرەستەیەکی سەربارە لە دروستەی ڕستەکەدا، بەڵام لەڕستەی دوەم واتە (ب)دا ئاوەڵگوزارەی (ئەمڕۆ)، وەکو کەرەستەیەکی سەربارە و تەنیا هاوەڵی کارەکەی کردوە.

سەرەڕای ئەمەش وشەی سەرپەرشتیاران وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی و بکەری ڕستەکە دەرکەوتوە، بەڵام وشەی (پەروەردە) لە جێکەوتەی ڕستەکاندا کەرەستەیەکی سەربارە و ئەرکی سینتاکسی دەرخەری لە ڕستەکاندا بینیوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر هاتو بەپێی ڕێزمانی گوێزانەوە و پەیوەندی ئاسۆیی ئاڵوگۆڕ بە جێکەوتەی کەرەستە پێکهێنەکانی دو ڕستەی (أ، ب) بکرێت، بەجۆرێک کە بوترێت:

ت. ئەمڕۆ پەروەردە سەرپەرشتیارانی هاتن.

پ. پەروەردە سەرپەرشتیارانی ئەمڕۆ هاتن.

ج. پەروەردە سەرپەرشتیارانی هاتن ئەمڕۆ*.

ئەوا دەردەکەوێت بە پێی شێوازی ڕیزکردنی جیاوازی کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستە لەم سێ ڕستەیەدا (ت، پ، ج)، لە ڕستەی (ت)دا وشەی (ئەمڕۆ) ڕۆڵی سەربار و ئەرکی سینتاکسی دیاریکاری بینیوە، بەڵام لە ڕستەی دوەم و (پ)دا ڕۆڵی سەربار وەکو ئەرکی سینتاکسی ئاوەڵگوزارەی کاتی بینیوە و تەنیا هاوەڵی کاری هاتنی لە دروستەی ڕستەکەدا کردوە.

هەروەها وشەی (پەروەردە) لە دو ڕستەی (ت، پ)دا ڕۆڵی کەرەستەی سەرەکی و ئەرکی سینتاکسیی بکەری بینیوە، جگە لەمەش وشەی (سەرپەرشتیاران) لە دو ڕستەکەدا ڕۆڵی کەرەستەی سەرەکی و ئەرکی سینتاکسیی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

(تەواوکەر)ی بینیوە، وشەی (هات)یش لە سەرجەم ڕستەکاندا سەرەکیترین کەرەستەیە ئەرکی (کار)ی ڕستەی بینیوە، بەڵام دەربارەی شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکانی دروستەی ڕستەی (ج) لەسەرەوە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروستبوە، لەبەرئەوەی بەپێی شێوازی ڕیزبونی قاڵبە سینتاکسییەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا کار سەرەیەو پێویستە لە کۆتایی ڕستەدا دابنرێت، چونکە یەکێک لە خاسیەتە بنەڕەتیەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە لە شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکانی زمانەکەدا بەپێی قاڵبە ڕێزمانییەکانی دروستەی ڕستە سەرە کۆتایە. واتە کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە، بەڵام لە دروستەی ڕستەکەدا دەردەکەوێت کە ئاوەڵگوزارەی (ئەمڕۆ) ئەم سنورە ڕێزمانیەی بەزاندوەو بنەماکانی شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەی پەیڕەو نەکردوەو لە ئاکامدا دروستەی ڕستەکە بۆتە ناڕێزمانی، هەروەها ڕستەکانیش لەڕوی واتاییەوە بە ڕستە دانانرێن و ڕستەی ناتەواون.

سەرەڕای ئەمەش بەپێی تیۆرەی حوکمکردن و بەستنەوەی چۆمسکی لە ئەنجامی ئەم شێوازە ڕیزبونەی کەرەستەکانی ڕستە بەتایبەتی ئاوەڵگوزارەی کاتیی (ئەمڕۆ) لە ڕستەی (ج)دا هیچ جۆرە ڕۆڵێکی سینتاکسیی لەلایەن کردارەوە پێ نابەخشرێت، لەبەرئەوەی شایەنی باسە کە لە کاتی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە بەپێی قاڵبەکان لە زماندا هەر کەرەستەیەکی ڕستە لەلایەن کارەوە حوکم دەکرێت و تەنیا یەک ئەرکی سینتاکسی وەردەگرێت. (مەحمود فەتحوڵلا ئەحمەد، ١٩٨٨، ٥٣).

بەگشتی زمانەوانان پێیانوایە کە ئاوەڵگوزارە وەکو کەرەستەیەکی سەربار بزێوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکات بەبێ ئەوەی کار لە باری ڕێزمانیەتی و لایەنی واتایی دروستەی ڕستەکە بکات. (هەندێ لە پێکهاتەکانی ڕستە پێویستە لە ڕیزبونیاندا ئازادانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، بەجۆرێک شیاو بێت لە جێکەوتەی ڕستەکەدا. (کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨، ٥٥)، بۆیە ئاوەڵگوزارە وەکو کەرەستەیەکی سەربار شوێنی خۆی لەناو ڕستەدا دەگۆڕێت ئەمەش ئاشکرایە بەپێی ویستی قسەکەر دەبێت کە مەبەستیەتی گرنگی و بایەخ بداتە ئاوەڵگوزارەکە. بۆنمونە:

أ. ئێمە باڵندەکان لە باخەکەدا دەبینین.

ب. ئێمە لە باخەکەدا باڵندەکان دەبینین.

## بەشی دوەم


### ٢- ١. دروستەی ڕستە لە ڕوانگەی جێکەوتەی سینتاکسییەوە:

ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانیی زمانە لە ئاستی ڕستەسازیدا، کە لە هەر زمانێکدا لە چەند بەشێکی بنەڕەتی پێکدێت، بۆیە هەر دانەیەکی ڕێزمانی کە توانای ڕۆنانی بەشێکی بنەڕەتی دروستەی ڕستەی هەبێت، ئەوا توانای پێکهێنانی فرێزی دەبێت لە ڕستەدا، چونکە سادەترین ڕستەی زمانی کوردی بەلایەنی کەمەوە لە دو فرێز پێکدێت، ئەوانیش (ف.ن، ف.ک)ن. (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ١٩٨)، لێرەوە دەردەکەوێت کە یاسا بنەڕەتیەکانی ڕستەسازیی، وشەو چۆنیەتی پێکەوە لکاندنی ئەو مۆرفیمانە دیاری دەکەن، کە ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی وشەدا، هەروەکو چۆن یاسا ڕستەسازیەکانی دروستەی ڕستە چۆنیەتی لێکدانی وشەکان دەگرێتەوە بۆ دروستکردنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

فرێزو پاشانیش لێکدانی جۆرەکانی فرێزە پێکهێنەکانی دروستەی ڕستە بۆ بنیاتنانی ڕستەیەکی ڕێزمانیی دروست.(Katamba, 1993, 302) بۆنمونە:




لەلایەکی تریشەوە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە هیچ چەشنە پێوەندییەکی بەرانبەری لەنێوان جێکەوتەی سینتاکسی فرێز و کاتیگۆری ئەرکی فرێزەکەدا نییە. بەومانایەی کە جگە لە (ف.ک) کە بە نەگۆڕی ئەرکی (کار) دەبینێت، واتە بەواتایەکی تر کە کارێک کاتێک دەبێتە سەرەی (ف.ک) پێوەندیەکە یەک بە یەکە (Fattah, 1997, 189)، سەرەڕای ئەمانەش بەپێی ڕای زمانەوانان کاتێک دروستەی ڕستە لەڕوی فۆرمەوە بۆ ئاستی فرێز پۆلێن دەکرێت، ئەوا پێویستە بزانرێت کە ئەو جۆرە فرێزە چ ئەرکێکی سینتاکسی لە دروستەی ڕستەکەدا دەبینێت (Aarts & Aarts 1982, 21) بۆنمونە، ڕستەکانی:

أ. منداڵەکە نان دەخوات (NP + NP + VP) .

ب. میوانەکە هێدی بو ( NP + NP + VP) .

ت. مامۆستا تۆ دەناسێت (NP + NP + VP) .

پ. مامۆستا تۆ دەزانێت.* (نارێزمانی)

کەواتە دەتوانرێت پێوەندی نێوان جۆری فرێز و ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکانی ڕستە بەپێی کاتیگۆریە جیاجیاکانی دروستەی ڕستە بەمشێوەیە بخرێتە ڕو:

ئاسۆ کەوت:. دروستەی ڕستەی سادە

NP VP : لە ڕوی کاتیگۆری سینتاکسییەوە

بکەر کار: لە ڕوی کاتیگۆری ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکانەوە

سەرەڕای ئەمانەش لە کاتی پەسەندکردنی دروستەی ڕستەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەرکی کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستەدا بکرێت کە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، ئاوەڵکار و کردار .... هتد) دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی جێکەوتەی ئەرکی سینتاکسی بکەر و بەرکار لەنێوان کەرەستەکانی دروستەی ڕستەدا، ئەوا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

جیاوازییەکی زۆر لە واتای کەرەستەکانی ڕستەکە دروست دەبێت، ئەمەش واتە چۆن واتای فەرهەنگیی کەرەستەکانی ڕستە گرنگە، بەهەمان جۆریش واتای پێکهاتەی ڕستەکەش گرنگە .(Fattah 1997, 189)

کەواتە بەپێی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئەرکی کەرەستە بنەڕەتیەکانی ڕستە لە شیکردنەوەی دروستەی ڕستەدا زۆر بایەخدارە، چونکە شوێن و شێوازی ڕیزبونی وشەو کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا گرنگ و بایەخدارە، جگە لەمەش بۆئەوەی ڕستەی نارێزمانی دروست نەبێت و دروستەی ڕستە ڕێزمانیی بێت ئەوا پێویستە کە جێکەوتە بنەڕەتیەکانی ڕستە کە هەریەکەیان ئەرکی ڕێزمانیی گونجاو بەجێدێنن دەبێت لە دروستەی ڕستەکەدا بەپێی قاڵبە بنەڕەتییەکانی ڕستە لە جێکەوتەی ڕاست و دروستی خۆیان بن، بۆنمونە:

أ. سۆران جلەکە دەکڕێت.

ب. جلەکە سۆران دەکڕێت*.

ت. دەکڕێت جلەکە سۆران*.

لەلایەکی ترەوە لە هەندێ شێوەی دایکراوی ڕستەدا، جێگۆڕکێ بە جێکەوتەی بنەڕەتی هەندێ لە کەرەستەکان دەکرێت، وەکو شێوەی ڕستەی بکەردیاری (بەلوتکەکردنی بەرکار و قاڵبی مۆرفۆسینتاکس)دا، یاخود لە دروستەی ڕستەی بکەرنادیاردا زۆرجار شوێنی (بکەر و بەرکار) دەگۆڕێت.

## ٢- ٢. قاڵبەکانی ڕستەی کوردی:

بەپێی سروشتی پێکهاتەی زمانەکان شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا دیاری دەکرێت، بۆیە لە ڕستەسازیدا بەو پێیەی کە ڕستە گەورەترین کەرەستەیەو کەرەستە سەرەکیەکانی ڕستەش (بکەر، کار، بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەر)ن. کەواتە دەتوانرێت پێنج قاڵبی ڕستەی زمانی کوردی دەستنیشان بکرێت : (Fattah, 1997, 247)

١. بکەر+ کار  میوانەکە ڕۆیشت.

٢. بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کار  جوتیارەکە زەوی کێڵا.

٣. بکەر+ تەواوکەر + کار  بۆیە بەدەستیەوە لکا.

٤. بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کار + تەواوکەر  دەستی خستە ئاوەکەوە.

٥. بکەر+ بەرکاری ڕاستەوخۆ + تەواوکەر + کار  من تۆ بە بوێر دەزانم. (حاتەم ولیا محمد، ٢٠٠٩، ١٢٤.)

هەروەها لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت ئاماژە بە قاڵبێکی تری ڕستە بدرێت، ئەویش بەپێی داڕشتەی کاری ناتەواو، کە بریتییە لە (نیهاد + گوزارە "تەواوکەر + کاری ناتەواو") وەکو:

باغەوانەکە ماندو بو.

لەلایەکی ترەوە بەپێی بیروڕای هەندێ زمانەوان سەرباری ئەم پێنج قاڵبەی زمان دەتوانرێت ئاماژە بۆ قاڵبێکی تری ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە بکرێت کە ئەویش قاڵبی (بکەر + کار + تەواوکەر)، کە هەر لە قاڵبی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

سێیەمی سەرەوە (بکەر + تەواوکەر + کار) وەرگیراوە، تەنیا ئاڵوگۆڕ بەشوێنی (تەواوکەر، کار)ی ڕستەکە کراوە. (ئومێد بەرزان برزو، ٢٠١١، ٩٤) بۆنمونە:

أ. بکەر + تەواوکەر + کار (منداڵەکە بە دیوار هەڵگەڕا.)

ب. بکەر + کار + تەواوکەر (منداڵەکە کەوتە ئاوەکەوە.)

سەربارى ئەمانەش لە کاتی داڕشتەی دروستەی ڕستەی (مۆرفۆسینتاکس)یدا شێوازی ڕیزکردنی جێکەوتەی کەرەستەکانی دروستەی ڕستەکە لە قاڵبە ڕێزمانیەکەدا دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی کار لە باری ڕێزمانیەتی ڕستەکە بکات. (ئەبوبەکر عومەر قادر، ٢٠٠٣، ٧١) وەکو:

بکەر + کردار + بەرکار (ڕابردو) (هێنایانیت.) واتە (ئەوان تۆیان هێنا.)

بەرکار + کار + بکەر (ڕانەبردو) (دەتهێنن.) واتە (ئەوان تۆ دەهێنن.)

## ٢- . دروستەی ڕستە لە زمانی فارسیدا:

ئاشکرایە کە بەگشتی لە هەر زمانێکدا قاڵبی ڕێزمانیی دیاریکراو هەیە بۆ داڕشتنی دروستەی ڕستە، بەهۆی ئەوەی کە زمانی فارسیش لەگەڵ زمانی کوردی و بلوجی و چەند لقە زمانێکی تر سەر بە هەمان لقی خێزمانی زمانی هیندۆئێرانین لەنێو خێزانی زمانی هیندۆئەوروپیدا دەگەڕێنەوە بۆ لقی زمانە ئێرانیەکان. بۆیە دەتوانرێت کەرەستەکانی ڕستە بەمشێوەیەی خوارەوە لە دروستەی ڕستەدا بەپێی قاڵبەکانی ڕستەی زمانی فارسی بەمشێوەیە بخرێنەڕو:

بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی فارسیدا دو جۆر ڕستەمان هەیە کە ئەوانیش (جملەی اسمی، جملەی فعلی)ن.

هەروەها شێوەکانی تری ڕیزکردنی کەرەستەکانی دروستەی ڕستە بە هەمان شێوەی زمانی کوردی بەپێی داڕشتە و شێوەی کاری ڕستەکە لەڕوی دەمکات و هێزی کارەکەوە لە دروستەی ڕستەی جیاجیادا دەخرێنەڕو.

مهناز رفت.

او خیار می خورد.

(نهاد + گوزارە)

من دانشجو هستم.

ما آدمیزاد هستیم.

انها باهوش هستند.

ایشان باهوش هستند.

یاخود دەتوانرێت لە دروستەی ڕستەدا وشەیەک بە چەندان ئەرکی جیاواز بخرێتەڕو:

| | | |
|---|---|---|
| کتاب اموزگار انسان است. | کتاب را خواندم. | این کتاب است. |
| نهاد | مفعول | مسند |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

برای کتاب ارزش قائلم. صفحه کتاب را پاره کردم. کتابا تو بهترین دوست منی.

متمم مضاف الیه منادا

آبر اسمان را تیره کرد. (تیره: مسند)

هوا سرد است. (سرد: مسند)

أ. پویا رفت.

ب. پویا الان با ماشین از خانه به مسافرت رفت.

ت. کار این دهکده کشاورزی گندم بود.

ئەو وشەیەی کە ڕاستەوخۆ لە دوای (حرف اضافە اختصاصی) دێت، پێی دەڵێن بەرکار، ئەو وشەیەی لەدوای (حرف اضافە غیر اختصاصی) دێت، پێی دەڵێن بەرکاری ناڕاستەوخۆ .(Kaman.Academy.ir) بۆنمونە:

شهرام دیروز در جنگل از خرس ترسید.

دەربارەی ئەم ڕستەیەی سەرەوە هەردو وشەی (شهرام: مسندالیە و ترسید: فعل ماضی)، واتە (ئەرکیان بکەر ، کاری ڕابردوی تێنەپەڕ)ە کەرەستەی سەرەکین لە دروستەی ڕستەکەدا، بە واتایەکی تر لە دروستەی ڕستەکەدا کەرەستەی پێویست و ئیجبارین ناتوانرێت لاببرێن. لەلایەکی ترەوە (در جنگل: متمم غیر اختصاصی) (ئاوەڵگوزارەی شوێن) (ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ)یە، و وشەی (خرس: مفعول بە) واتە (تەواوکەر)ە، بەڵام وشەکانی (دیروز: ظرف مکان، در جنگل: نام مکان و متمم، از خرس: متمم)ن، ئەمانە کەرەستەی سەربار و ناپێویستن لە دروستەی ڕستەدا بەواتایەکی تر وشەی بە ئارەزون لە دروستەی ڕستەکەدا. دەتوانرێ لە دروستەی ڕستەدا لابدرێن، بەبێ ئەوەی لە ڕوی ڕێزمانیی و واتاییەوە، کاریگەری لەسەر دروستەی ڕستەکە دروست بکات.

پیام زرنگ در دانشگاه ازاد می خواند.

لەم ڕستەیەدا وشەی (زرنگ) (صفت و موصوف)، واتە (ئاوەڵناو ، لەڕوی ئەرکەوە دەرخەر)ە، هەروەها وشەی (ازاد) (نام و مضاف) (ناوە، ئەرکی دەرخەر)ە، کە هەر دو وشەکە لە دروستەی ڕستەکەدا کەرەستەی سەربارن، بەو هۆیەوە هاتنیان بەئارەزوە و دەتوانرێ لە دروستەی ڕستە لابدرێن، جگە لەمەش وشەی (در دانشگاە: نام مکان) یان (ئاوەڵگوزارەی شوێن)ە، واتە کەرەستەی سەربارە، بەڵام وشەکانی (پیام، می خواند) لە ڕستەکەدا (مسندالیە و فعل مضارع) (بکەر و کاری ڕانەبردو)ن، بەشی سەرەکی ڕستەکە پێکدێنن، بەو هۆیەوە هاتنیان ئیجباریە، لە دروستەی ڕستەکەداو ناتوانرێت لاببرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

## بەشی سێیەم

### ٣. بەراوردی نێوان دروستەی ڕستە لە نێوان زمانی كوردی و فارسیدا:

### ٣ -١. ڕۆڵی كەرەستە سەرەكییەكان لە هەردو زماندا:

لە كوردیدا:

میوانێک هات.

سارا وانە دەنوسێت.

ئەو شاخە زۆر بەرزە.

لە فارسیدا:

یک مهمان آمد.

سارا درس می نویسد.

أن كوه بلند است. (فاطمە جعفری، ٨٣،١٣٩٤).

لە دروستەی ئەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەكەوێت كەرەستە پێكهێنەكانی دروستەی ڕستەكان جگە لە (زۆر و بسیار) كە ناسەرەكین و دەتوانرێ لابدرێن، كەرەستەكانی تر لە هەردو زمانەكەدا سەرەكین، بەجۆرێک كە ناتوانرێت لەڕستەدا لابدرێن، لەبەرئەوەی كاریگەرییان لەسەر باری ڕێزمانی و واتایی پێكهاتەی ڕستەكان دەبێت.

### ٣- ٢. ڕۆڵی كەرەستە ناسەرەكییەكان (سەربارەكان) لە دروستەی ڕستەی هەردو زماندا:

كاتێک بەهۆی چەند كەرەستەیەكەوە ڕستەكان فراوان دەكرێن، ئەوا دەتوانرێت هەست بە جیاوازی داڕشتەی ڕستەكان لەڕوی ئەركی كەرەستە سەربارەكانی دروستەی ڕستەی هەردو زمانەكە بكرێت.

لە كوردیدا:

أ. دوێنێ میوانێک لە زانكۆوە بۆ ئێرە هات.

ب. سارای خوشكم ئەمڕۆ وانە لە قوتابخانە بە قەڵەم دەنوسێت.

ت. من شاخێكی زۆر بەرزم بینی.

لە فارسیدا:

أ. دیروز مهمانی از دانشگاه به اینجا آمد.

ب. خواهرم سارا امروز درس را از مدرسە با مداد می نویسد.

ت. من كوه بسیار بلندی را دیدم. (فاطمە جعفری،٧١،١٣٩٢).

لێرەدا دەردەكەوێت لەڕوی شێوازی داڕشتنی جێكەوتەی كەرەستە سەرەكیەكان و سەربارەكانەوە وێكچونێكی تەواو دەبینرێت لەنێوان دروستەی ڕستەی هەردو زمانەكەدا، بە جۆرێک كە لە ڕستەی (أ)دا كەرەستەكانی (دوێنێ: دیروز ، ئاوەڵگوزارە وە كات (ضرف زمان) لە ئەركی دیاریكاردان و سەربارن، هەروەها كەرەستەكانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

(له زانكۆ، بۆ ئێره) له زمانی كوردیدا ئاوەڵگوزارەی شوێنن له ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆدا، بەڵام له زمانی فارسیدا كەرەستەكانی (از دانشگاه، به اینجا) (ضرف مكان) و له ئەركی (متمم غیر اختصاصی)دان، بشێوەی كەرەستەی سەربار له ڕستەدا هاتون.

لەلایەكی ترەوە له ڕستەی (ب)دا وشەی (خوشكم) ناوە له ئەركی دەرخەردا دەركەوتوە، هەروەها وشەی (ئەمڕۆ) ئاوەڵگوزارەی كاتە وەكو كەرەستەی سەربار دەركەوتوە، هەروەها كەرەستەكانی (له قوتابخانە، به قەڵەم)، كه له پێشبەند و ناو پێكهاتون له ئەركی سەرباردا هاتون كه (له قوتابخانە: ئاوەڵگوزارەی كات)ە، هەروەها (به قەڵەم: بەركاری ناڕاستەوخۆیە).

سەرەڕای ئەمەش له زمانی فارسیدا وەكو لەڕستەی (ب)دا دیارە وشەی (خواهرم) كەرەستەی ناسەرەكی یان سەربارە، بەشێوەی دەرخەری پێش سەرە (دیاریكار) هاتوە،و وشەی (امروز) ظرف زمان (ئاوەڵگوزارەی كات)ە، بەشێوەی كەرەستەی سەربار له پێكهاتەكەی ڕستەكەدا هاتوە.

جگە لەمەش وشەی (از مدرسه) ظرف مكان و متمم غیر اختصاصی (ئاوەڵگوزارەی شوێن، بەركاری ناڕاستەوخۆ)یە، واتە كەرەستەی سەربارە و دەركەوتنی لەوشوێنەدا به ئارەزوە، هەروەها وشەی (به مداد) لەم شوێنەی ڕستەكەدا متمم غیر اختصاصی (بەركاری ناڕاستەوخۆ)یە، واتە یەكێكە له كەرەستە سەربارەكان.

سەرەڕای ئەمانەش دەتوانرێت چەند نمونەیەكی تر لەو بارەیەوە بخرێنەڕو بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی پێوەندی نێوان سەربار و كەرەستە سەرەكیەكان له دروستەی ڕستەی فارسیدا، به بەراورد لەگەڵ دروستەی ڕستە كوردییەكان، بەمشێوەیە:

أ. شهرام دیروز در جنگل از پلنگ ترسید.

ب. علی رضا الآن با دوستانش به مهمانی رفت. (سید محمد دبیر مقدم، ١٣٧٦، ٤٦).

له زمانی فارسیدا ئەو وشەیەی كه له دوای (حرف اضافەی اختصاصی) دێت (متمم اجباری) كارەكەیە، بەڵام ئەو وشەیەی كه له دوای (حرف اضافەی غیر اختصاصی) دێت (متمم اختیاری)٥. (محمد رضا باطنی، ١٣٦٩، ٢٩).

له ڕستەی (أ)دا (شهرام: مسنداليه و ترسيد: فعل ماضی) واتە كەرەستەی سەرەكی دروستەی ڕستەكەن، وشەی (دیروز) ئاوەڵگوزارە و كەرەستەی سەربارە، هەروەها (در جنگل: متمم غیر اختصاصی)یە (سەربارە)، وشەی (از خرس: متمم اختصاصییە) (كەرەستەی سەرەكییە بەپێی دروستەكە)، واتە (خرس: متمم اجباری، جنگل: متمم اختیاری)یە.

لەلایەكی ترەوە ئاماژە به هەندێ كەرەستەی تری سەربار دراوە له هەندێ له ڕستە فارسیەكاندا وەكو: له ڕستەی (ب)دا (علی رضا: مسنداليه و رفت: فعل ماضی)، هەریەكە له كەرەستەكانی (الآن، به مهمانی، با دوستانش...) كەرەستەی سەربار و لاوەكین له دروستەی ڕستە فارسیەكەدا.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

## ئەنجام:

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. شێوازی ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە لە دروستەی زمانی کوردیدا بەپێی شێوە بنەڕەتییەکانی زمانەکە دەبێت، کە سەرجەم کەرەستەکان بەپێی جۆری داڕشتەی کارەکە لەخۆدەگرێت.

٢. شوێنگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕی کەرەستە سەربارەکان لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا لەنێوان جێکەوتەی کەرەستە سەرەکییەکاندا بەئارەزوە، تا ئەو کات و شوێنەی کە سنوری ڕیزکردنی کەرەستە لەلایەن کارەوە بۆ دروستبونی نابەزێنرێت، لەبەرئەوەی کار لەڕستەی کوردیدا حوکمکەرەو بەزاندنی سنوری ڕیزکردنی کار لەلایەن کەرەستەکانەوە ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەمدێنێت.

٣. داڕشتەی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەی زمانی فارسیدا بەجۆرێکە کەوا ڕیزبونی کەرەستە جیاجیاکانی لەڕوی ڕێزمانی و واتاییەوە بەپێی جۆری ڕۆنانی کار و فۆرم و باری دیاریکراو و داڕێژراوی ڕستەکە گونجاو بێت.

٤. ڕۆنان و ڕیزکردنی کەرەستە سەربارەکان لە دروستەی ڕستەی هەردو زمانی دیاریکراودا تا ڕادەیەکی زۆر لێکچوە.

٥. لە هەندێ دروستەی دیاریکراوی ڕستەکاندا لەشێوازی داڕشتنی کەرەستە سەربارەکان و ئەرکی سینتاکی کەرەستەکانیان جیاوازە، دیارە ئەمەش بەهۆی فۆرمی جیاوازی دروستەی ڕستەی دو زمانی دیاریکراو یان شێوەی ڕیزکردنی کەرەستە سەرەکی و سەربارەکان دەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

# The Role of Non-Constituents in The Sentence Structures in Kurdish and Persian Languages

**Hamza Hussein Hama**[1] - **Rabar Kakarsh Mina**[2]
[1+2]Kurdish Department, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
This study is a summary of analyzing and explaining '*sentence structure*' in general and the role of non-constituents as non-constituents in the sentence structure in both Kurdish and Persian languages. The study consists of the following sections:

Section one contains several subsections; in the first subsection, the concept of '*sentence*' was discussed and a definition of '*sentence*' was provided. In the second subsection, various types of sentence constituents were briefly introduced and presented. Then in the following subsection, types of constituent word order were explained. Following that, Syntactic lyres in terms of construction were explained in brief. Finally, in the last subsection of Section One, types of constituent word order were presented.

In Section Two, '*sentence structure*' in both Kurdish and Persian has been discussed, and the structures of both languages based on linguistic standards and theories have been shown. In another subsection, '*sentence structure*' was discussed in detail from a syntactical point of view.

In the third which is the last section of this study, '*sentence structures*' were compared in both languages in detail, necessary examples from both languages were provided and analyzed, and the syntactic role of various constituents of '*sentence structures*' in both languages was discussed. In the end, various roles of non-constituents were explained in detail and very specifically.

Finally, conclusions were drawn and the references list was provided.

**Keywords:** Kurdish Language, Persian Language, Sentence Structure, Non Constituents, Projection, Categories.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34

## سەرچاوەکان:


ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ئومێد بەرزان برزو، (٢٠١١)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی دوەم، سلێمانی.

تالیب حوسێن عەلی، (١٩٩٨)، هەندێ لایەنی پێوەندی ڕستە و واتا لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا.

سەباح ڕەشید، (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB)لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چ: حاجی هاشم، هەولێر.

کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨) ، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چ: تیشک، سلێمانی.

عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر.

عومەر مەحمود کەریم، ( ٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا.

فردیناند دی سوسیر، (٢٠١٨)، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، کۆرسێ لە زمانەوانی گشتی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

لیژنەی دەستوری زمانی کوردی، (١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان، کۆڕی زانیاری عێراق.

لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، (٢٠٠٦)، چاپی دوەم، پۆلی هەشتی بنەڕەتی، چ: منارە، هەولێر.

محمد عمر عول، (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خواروودا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

مەحمود فەتحوڵڵا احمد، (١٩٨٨)، کارتەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، (٢٠١٢)، ڕستەسازی، ج:١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سید محمد دبیر مقدم، (١٣٧٦)، زبانشناسي نظري، ج٣، انتشارات سمت، تهران.

فاطمه جعفری، (١٣٩٢)، دستور کاربردی، جلد دوم، دانشگاه تهران.

فاطمه جعفری، (١٣٩٤)، دستور کاربردی، جلد چهارم، دانشگاه تهران.

محمد رضا باطني، (١٣٦٩)، توصیف ساختمان دستوری زبان فارسی، ج١، انتشارات مهر، تهران.

محمد علي الخولي، (١٩٩٣)، مدخل الى علم اللغة النظري، دار الفلاح، الاردن.

Amin, W . O (1976), Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure, London.

Aarts, F. and J. Aarts (1982), English Syntactic Structure, Oxford, Pergamon Press.

Chomsky (1998), Aspects of the theory of Syntax, 20th printing, The MIT Press.

Katamba, F (1993), Morphology, Macmillan press LTD: London1.

Fattah, M .M (1997), A Generative Grammar of Kurdish, university of Amsterdam.

Kaman.Academy. ir

https://dehkhoda.ut.ac.ir




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper34**